


# پێشمەرگە قەڵغانی پاراستنی کوردستانە

## خوێنمان بۆ پێشمەرگەیە





لایەنێکی دیکەی هاوکاری بریتیبوو لە خوێنبەخشین لە بانکەکانی خوێندا بۆ ئەو بریندارانەی دەهاتنە نەخۆشخانەکانی فریاکەوتنەوە و پێویستیان بە خوێن هەبوو. خەڵکی کوردستان لەخۆبردووانە خوێنی بە بریندارانی پێشمەرگە بەخشی. ئەو خوێن بەخشینە لە سەر ئاستی تاك و کۆمەڵ و ڕێکخراو و سەنتەرەکانی لاوان و قوتابیان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا بوو. خانزاد سەعدی کە خاتوونێکی کوردستانییە پێی وایە، کە ئەگەر دەستی ناگاتە بەرەکانی جەنگ، بەڵام ئامادەیە

کوردستان بۆ ماوەیەکی زۆر کورت کەوتە بارودۆخێکەوە، کە هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان بە بێ گوێدانە هیچ سنوور و ماندووبوون و باوەڕێك، کەوتنە هاوکاری وپاڵپشتی کردنی پێشمەرگە. هەر تاکە کەسێکی کوردستان بە شێوەیەك لە شێوەکان بوو بە پێشمەرگە و لە سەنگەرێکەوە دژ بە دوژمن دەجەنگا، هاوکاری و پاڵشتی بۆ پێشمەرگە تاك بە تاك و گەنج بە گەنج و ژن و منداڵی کوردیشی گرتەوە، دووبارە هەستی کوردایەتی و کورد بوون و یەکبوون بوو بە دروشمی کوردستانیان، هەموو کورد بە یەك دەنگ و بە یەك دەست لە بەرامبەر دەستی ڕەشی تیرۆریستان وەستایەوە، هەر کەسە بە شێوازێك گوزارشتی لە پاڵپشتیی خۆی دەکرد،چ کەم بێ یان زۆر، گەورەبێت یان بچووك. ڕەنگە هەندێ جار خۆ نواندن و جل لەبەرکردنێك هێمابێت بۆ پاڵشتیی هێزی دلێر و گیان لە سەر دەست و وەرە بەرزی پێشمەرگە.



بە خوێنی خۆی بچێتە نێو دڵ و دەروونی پێشمەرگەوە، واتە بە خوێنەکەی بەشداری شەڕ بکات. ئەو دەڵێ: خوێن بەخشین ئەرکێکی نیشتیمانی و مرۆییە، چ شانازییەکی گەروەیە خوێنم تێکەڵ بە خوێنی پێشمەرگە بێت.



## بووک و زاوای پێشمەرگە

دەربڕینی پاڵپشتی و هاوشانی بۆ پێشمەرگە بە سەدان شێواز لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە دەردەبڕدرا. ئاماژە بە بەشێکی کەمی ئەو شێوازانە دەکەین، لە شاری ڕەواندز لە ئاهەنگێکی بووك گواستنەوەدا ڕاگەیاندکار (دیلان ڕەشاد)، کە هاوکات لەگەڵ ڕۆژی شاڵاوەکەی تیرۆریستان بۆ سەر کوردستان، ڕۆژی ئاهەنگی هاوسەریی ئەو بوو،ئەمەش بۆ ئەو دەرفەتێکی زێڕین بوو، کە بە شێوازێکی جیاواز، بە جل و بەرگی سەربازیی پێشمەرگەوە لە تەك بووکێی هاوسەریدا دەرکەوت، وەك پاڵپشتی و دەربڕینی هاوسۆزی و بۆ هێزی پێشمەرگە. جێی ئاماژەیە دیلان ئاماژەی بەوەش کردووە، جگە لە خۆی و کەسێکی نزیکی تەنانەت، بووکەخانی هاوسەریشی بەوەیان نەزانی بوو.














# هاوکاری خەڵک بۆ

هاوکاری و هەماهەنگیی خەڵك و دانیشتووانی کوردستانیش گەیشتە لووتکە، دووبارە کورد بوون بووبە دروشمی هەموو لایەك، بە هەموو شێوەیەك خەڵك ئەوەی لە دەستی هاتبا دەیویست هاوکاریی پێشمەرگە بکات. ماڵێك بە گەورەو بچووکیانەوە خەریکی ئامادە کردنی کولیچە و شیرینی بوون، بۆ ئەوەی بیبەن بۆ سەنگەرەکان تا بۆ پێشمەرگە ببێتە شیرینی سەرکەوتن بە سەر لەشکری رەشی تیرۆریستاندا. یەکێك لە سەرتاشخانەکانی شاری هەولێریش نرخی سەرتاشینی بۆ تەواوی پێشمەرگە قارەمانەکان کردە خۆڕایی، وەك رێزێك لە ماندووبوونی ئەوان.
بەنزینخانەی گەل وەك دەستپێشخەرییەك تا بتوانێ








## پێشمەرگەی سەربەرز

خزمەتێك بە پێشمەرگە بكات، لە ڕۆژانی شەڕدا،بەنزینی بە هەرزانترین نـــرخ و بەبێ كۆبۆندابەش كرد. جەنگی مەجیـــد بەڕێوەبەری بەنزیخانەی گـــەل گوتی: لەبەر ئەوەی نەماندەتوانی بچین بۆ سەنگەری شەڕ، بۆیە بە پێویســـتم زانی ئەو كارە بكەم و خزمەت بە پێشمەرگە بكەم، شـــانازییە بۆ من شتێكی سادەش بێ پێشكەش بە پێشمەرگەی بكەم، ئێستاش بەنزینخانەكە گەڕایەوە ســـەر كاری جارانی خۆی. ئەمە جگە لە كوشتنەوەی چەندیـــن ئاژەڵ و ڕەوانەكردنـــی خواردن و كەل و پەلی پێویســـت بۆ پێشمەرگە.پاڵپشـــتیی میللەت لە هێزی پێشـــمەرگە مایەی خۆڕاگری و سەركەوتنی كورد و كوردستانیانە بە سەر تیرۆر و تیرۆریستاندا.




## هەموو خەڵك لەگەڵ پێشمەرگەدا بوون



ئەو بە دەنگەوە هاتنەی تەواوی چین و توێژەكانی كوردســـتان،تا زیاتر تاو دەستێنێ، مامۆستایانی ئایینـــ (مـــەلاكان) وەك بەشـــێكی كاریگەر و زیندووی كۆمەڵ، لـــە مینبەری مزگەوتەكانەوە كەوتنە جۆشـــدان و پاڵپشتی كردنی پێشمەرگە. مەلا مەســـعوود كانی كوردە لە شـــاری هەولێر چـــەك لەگەڵ خۆیدا دەباتە ســـەر مینبەر، وەك پێشـــمەرگەیەك ئامادەیـــی خۆی نیشـــاندەدات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریســـتان. لە شـــاری دهۆكیش مەلایەك بە جلی ســـەربازییەوە دەچێتە ســـەر میحراب و بە جلی پێشـــمەرگەوە وتاری هەیینی پێشكەشدەكات. ئەمانە جیا لە سەردانی مەیدانیی مەلاو كەسایەتی و خەڵكی كوردستان بۆ سەنگەری پێشمەرگە، كە ڕاستەوخۆ لە پشتی پێشمەرگەوە چەكیان هەڵگرتبوو.

# پێشمەرگە.. ئەمان و ئەمانەتە

ئەركی پێشـــمەرگە تەنها پارێزگاریكردن نەبووە لە خاك و كوردستان، بەڵكوو پارێزگاری كردن لە سەرو سامان و ماڵی هاووڵاتیان و ڕێز گرتن لێیان، هەردەم كار و پیشەی جوانی پێشـــمەرگەبووە. ئەوەتا لە گەرمەی جەنگدا چەندن پارچە زێڕو شتی گران بەها بۆ ئەو خێزانانە دەگێڕنەوە كە لێیان ون بووەو پێشمەرگە دۆزیەتییەوە



# ئافرەتان و كچانیش لەگەڵ ئێوەن، شێرەكانی كوردستان

ژنان و كچانی كوردستانیش لەو ئەركە نیشتیمانییە بەدەر و دوور نەبووین، وەك شۆڕش و داستانەكانی پێشووتری پێشمەرگە، ئەمجارەشكچان و ژنانی كوردستان هاوكار و هاوسەنگەری پێشمەرگەبووین. ئەمەش چ بە دەربڕینی هەســتی كوردایەتی و پاڵپشـــتی بێت یان بە هەڵگرتنی چەك و چوونە نێو سەنگەر بێت. ئەو ژنە كوردەئازایەی دەیبینن چەكی هەڵگرتووە، دەیەوێت هاوشانی پێشمەرگە بەرگری لە خاكی پیرۆزی كوردستان بكات، ڕەنگە تەنها بە هەڵگرتنی چەكی ئەو شـــۆڕەژنە ورەی دەیان و سەدان پێشـــمەرگە گەیشتبێتە لووتكە، هەندێكیان بە جلی كوردی و زەردەخەنەی جوانەوە هێمایان لە خۆشـــی و پەرۆشـــیان بۆ پێشمەرگە دووپات كردەوە.



گوڵان














# پاڵپشتی خەڵک بۆ پێشمەرگە

جگە لە هێزەکانی پێشـــمەرگە لە هەرێمی کوردســـتان چەندین توێژی جیا دەستیان داوەتە چەك و ڕۆژانە سەدان خۆبەخـــش لە بەرەکانـــی جەنگدا دەبیندرێن، ئەوان بە ئارەزووی خۆیان ئامادەییان بۆ بەرگریکردن لە کوردســـتان دەربڕیوە. ئەوەش بە ئەرکی نیشتیمانی و ئایینیی خۆیان دەزانن، ئەم پاڵپشتییەی خۆبەخشان هێندەی دیکە وورەی هێزی پێشمەرگە بەرز دەکاتەوە و یاتر باوەڕی بە ڕەوایی ئەرکە پیرۆزەکەی دەبێت، کە داکۆکی کردنە لە کوردستان و پاراستنی سەر و ماڵی خەڵکی کوردستان.












# هونەرمەندانیش بوونە پێشمەرگە

زۆربـــەی هونەرمەندانی کورد گۆرانی و ســـروودی نەتەوەییان بەسەر ئازایەتی و قارەمانیەتیی پێشمەرگەدا گوت، تەنانەت هونەرمەندی کۆمێدی حەمکۆش جلی پێشمەرگەی لەبەر کرد و بە قسە خۆشەکانی مەجلیسی پێشـــمەرگەی خۆش کـــرد و چووە نێو ســـەنگەری پێشـــمەرگەوە. لەلایەکی دیکەوە هەردوو هونەرمەندی زاخۆ، عەبدولقەهار و ئیســـلام زاخۆیی بە شانازییەوە جلی پێشمەرگەیان پۆشی.